چەپکێ گوڵ بۆ (حەوشە پاشا)

ئیسماعیل کەریم

ئەلمانیا

halabjayi@hotmail.com

لە بیرم دێ کە منداڵ بووم
هەڵەبجە وەک ئێستە نەبوو
خاکی سەوزو
خەڵکی سپی و
ئاسمانی پڕ ئەستێرە بوو
(کانی عاشقان) جێ نزرگەی عاشقان بوو
(گوڵانیشم)
مەجلیسی گەرمی یاران بوو
ئومێدی ڕۆژی ئایندە
خەونی گەورە و بچوکمان بوو
هەڵەبجە ماڵێک بوو لە خۆر
گشت بەیانیان
هێزی کارو
خۆشەویستی نیشتیمان و
ئەوینی جوانی دەداینێ
بەرچایمان
هەر شێعر بوو

لە حەسرەتی (وەلی)یەوە
تا سروشت و یادگارەکەی شێعری(گۆران)
*****

هەروەک ئێستاکە لە بیرمە
لە کۆڵانی هەڵەبجەدا
چەندین پەیمانی پیرۆزو
چەندین سوێندی تا هەتایی
دەست لەسەر دڵ
عاشقەکان، بەیەکیان دەدا
چەندە پاک بوو ئەو عەشقانە
دیاری دەستیان تەنها گوڵێکی (بامۆک) و
چەپکێ ئەرخەوانی سووری (شەهیدان) بوو؟؟؟
خەونی هەڵەبجەم ژیان بوو
بۆ ئاسۆی دەم کەلێکی دوور
بەهارێکی چوار فەسڵە بوو
پڕ لە چرۆی گوڵاڵەی سوور
(چاوگ) هەتاکوو ئێستاکە
گەواهی ئەو ڕۆژانەیە
کە هەڵەبجە جێ نزرگەی
عاشقانی ئەو کاتەیە
کە هەڵەبجەم لە خوێناوی خۆیان گەوزاند
(شنرۆ) ی چاو بە گریانم
هەتا ئێستاش
فرمێسک لە چاوی دەبارێت
(باوەکۆچەک) جلی ڕەشی دانەکەندوە
پەیمانی بە خواو خاک داوە
تا هەڵەبجە وەک ساڵانی
پێش مەرگی خنکێراوی
نەهێتەوە بەر دوو دیدەی
سیاە پۆش بێ ، بەرگ و باڵای
(ئەحمەد موختار) لە گۆڕەوە هاوار دەکا
هەتا ئێستە نەک هەر سکە، نەگەیشتۆتە (هەورامان)
وا هەڵەبجەم ئەم ئێستاکەش

فرمێسک لە چاوی دەبارێ
بۆ ژینی ئەوسا و ئێستامان
جارێکی ترماڵی شێعری پڕ لە حەرفی
(ناتیق) لە گڕدا وون دەبێ
گەڵا و گوڵی(باخی میرم)
لە تاوی بێ وەفایتان
لە وشکەڵای ساڵتان
ڕۆژی سەد جار هەڵ دەوەرێ
دڵی تەنگە (گۆران) ی سروشت و جوانی
پاش نۆزدە ساڵ وێرانە بێ
هەڵەبجەی پڕ باخ و کانی
هەڵەبجە پێنج هەزار گوڵی
بەخشی بەو شۆڕشەی ئێوە
پێنج هەزار ئەستێرەی گەشی
لە ئاسمانتان گیرساندوە
شەرمەزار بن ، ، ، تا ئێستاکەش
درەختێکتان
چەپکێ گوڵتان
لە (حەوشەی پاشا) ی ئەو شارە نەڕواندوە

14.03.2007